سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مرکز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رِانانی ئایندەیی ژمارە (٣)

# ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش

نیسان 2020

www.centerfs.org

**- ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق وهەرێمی کوردستان**
**- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٣)**
**- توێژەران:**
**د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە، م.یاسین طه محمد**
**- سلێمانی - هەرێمی کوردستان**
**- نیسان ٢٠٢٠**

---

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

1. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
2. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
3. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
4. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
5. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
6. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
7. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
8. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاراستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
9. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
10. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

1. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
2. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
3. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
4. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
5. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
6. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاراستەکانی ڕای گشتی.
7. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق**
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق وهەرێمی کوردستان

## شیعە وپێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش

**توێژەران:**
**د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە، م.یاسین طه محمد**

پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: ململانێکانی پێکهێنانەوەی حکومەت؛ ئاست وسیناریۆکان 4

تەوەری دووەم: سیستەمی ناناوەندێتی؛ گرفتەکان و ئاسۆکانی بەڕیوەبردن لە هەرێمی کوردستان ٧

تەوەری سێیەم: چارەنوسی بەندکراوانی داعش و مەترسیەکانی لە ئایندەدا 12

## سەرەتا

ڕانانی مانگی نیسان هاوکاتە لەگەڵ زیندووبونەوە و هەستیاریی پرسگەلێکی چارەنووسساز لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، وەک دەبینرێت دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان، یەخانگیریی سێ پرسی هەستیاری عێراقی، کوردستانی و ناوچەیی بوونەتەوە، ئەوانیش: پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراق، دۆسێی هەمیشەیی چۆنێتی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان(ناوەندێتی و ناناوەندێتی) و دواجار دۆسێی سەرهەڵدانەوە و ڕۆڵی بەندکراوان و کەمپە خێزانییەکانی جێماوانی داعش. ئەمانە مەترسی هەنووکەیی و گۆڕاوی مەترسیدارن لە هاوکێشە ئایندەییەکانی هەرێم و ناوچەکەدا. ئەم سێ پرسە بە جۆرێک پێکەوەبەسترا و پێکداچوون لەلایەک دەتوانن لە بەڕێوەبردنێکی تەندروستدا تەواوکار و چەسپێنەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بن و لە خراپ بەڕێوەبردنیشیاندا هەڕەشەی ڕاستەقینە دەبن و هەلی نزیک و دوور دەدەنە ئەو مەترسیانەی کە تەنها فوولێکردن و بووژاندنەوەیان پێویستە.

ڕانانی ژمارە سێ؛ لە سێ تەوەردا تاوتوێ و بەدواداچوونی بۆ هەرسێ پرسەکە کردووە و لە هەر یەکێکیاندا ئاست و ئاستەنگ و سیناریۆکانی خستووەتەڕوو:

## تەوەری یەکەم: ململانێکانی پێکهێنانەوەی حکومەت؛ ئاست و سیناریۆکان

لە عێراقدا چەندین ململانێی سیاسیی- شوناسی کۆسپی سەرەکی بەردەم پرۆسەی سیاسیین و هەمیشە ئەگەری زیندوون و لە سەرەتای هەر ڕوداوێکی نوێیدا زیندوودەبنەوە و لانیکەم 15 ساڵە چارەسەر نەکراون، لەکاتێکدا دەکرا عێراقی نوێ لەپاش ٢٠٠٣ەوە یەکێك لە ئامانجەکانی سفرکردنەوە یان کەمکردنەوەی ئەو کۆسپانە بێت.

**- ئاستە ناوخۆییەکانی ململانێکان**

لەسەر ئاستی ئاسۆیی، سێ هێز لە ململانێی توندی بێکۆتاییدان: شیعە، سوننە و کورد، ڕوخساری ململانێکان ڕیشەیان لە کێشەی جڵەوداریی، شوناس، خاک، ماف و پێگە لەسەر ئاستە سیاسییەکەیی و هەتا بەرەو ناوەڕۆکیش بڕۆیت باکگراوەندە کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکان وەرگریت و کێشەکان قووڵتر دەبنەوە.

لەسەر ئاستی شاقووڵی ململانێ ناوخۆییەکانی نێوماڵی شیعی کە بەمدواییانە بە زەقی دەرکەوتووە سێبەری زۆری بەسەر کۆسپ و قەیرانەکانەوە هەیە. ئەم ناکۆکییە ناوخۆییانە پێشتر بەچەند شتێك پەردەپۆش کرابوون کە بەپلەی یەکەم عەباکەی سیستانی، دووەم ئێران و سێیەم مەسەلەی سەپاندنی هەژموونی شوناسی شیعی بەسەر عێراقەوە و دواترینیشیان مەترسی و دوژمنی هاوبەشبوو(داعش ٢٠١٤)، بەڵام لە ٢٠١٨ کە سەروەختی بەشینەوەی دەسکەوتی شەڕبوو، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرا و شیعەکان بەسەر پێنج هاوپەیمانێتی و فراکسیۆنی سەرەکی ناکۆك و ناتەبادا دابەشبوون، هەر لەم کاتەشدا بەهۆی گوشارەکانی (ترەمپ)ەوە دۆخی ئابووریی ئێرانیش شڵەژا، بەدوای ئەوەشدا لەسەرەتای ٢٠٢٠ سایەی (قاسم سلێمانی) و تەواوکەرە عێراقییەکەی (ئەبومەهدی موهەندیس) بەرۆکێتێکی ئەمەریکی ئاوابوو، ئەمەش وایکرد ململانێکانی شیعە بچنە قۆناغێکی هەستیار و لەسەر ئاوازی شەقامی خرۆشاو و ناڕازی و تووڕە کە بەشی هەرەزۆریان بنکەی جەماوەریی هێزە شیعەکان بوون.

بۆ یەکەمجار گوشاری خۆپیشاندەران و پاشان هاتنە سەرخەتی سیستانی، بۆ یەکەمجار حکومەتی عێراقی (لە دوای ٢٠٠٣ەوە)، ناچار بەدەستلەکارکێشانەوەکرد کە 'عادل عەبدولمەهدی' سەرۆکایەتی دەکرد، کە دەرگای لەسەر ناکۆکییەکان بۆ پڕکردنەوەی جێگاکەی کردەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی تۆمارکردنی پێشینەیەکیتر کە شکستهێنانی تەواوکردنی ئەرك بوو لەلایەن سەرۆکوەزیرانێکی شیعەی ڕاسپێردراوەوە کە (محەمەد تۆفیق عەللاوی) بوو، لەپاش ڕاسپاردنی (عەدنان زورفی)یش زەیت بەسەر ئاگری ململانێکەدا کرا، کە سێ لایەنی سەرەکی و هەندێکی لایەنیتری ناسەرەکی کێشمەکێشەکەیان بەڕێوەدەبرد: کوتلەی سائیرونی ڕەوتی (موقتەدا سەدر)، کوتلەی فەتح (هادی عامری) ودوڵەتی یاسا (نووری مالکی) لەپەنا ئەوانیشدا ڕەوتی حیکمە (عەممار حەکیم) و هاوپەیمانێتی نەسر (حەیدەر عەبادی) لەگەڵ وردە هێزیتر وەك فەزیلەی ئیسلامی،

لەدەرەوەی ئەم هێزانەش گروپە چەکدارە وەلائییەکانی سەر بەئێران بوونەتە خاوەن دەنگ و هێزی گوشار بەسەر پرۆسەی سیاسیەوە، بەجۆرێك گومان دەکرێت ئەوان خاوەن قسەی سەرەتا و کۆتایی بن لە پرۆسەکەدا و لیست و هێزە سیاسییەکانی‌دی شیعە هەڵوێستەکانی خۆیان لەسەر ئاوازی ئەوان و بەپێی دوور و نزیکییان لە ئێرانەوە رێك بخەن.

کێشەی سەرەکی هێزەکانی شیعە خۆی لە خواستی هەژموون و بەرژەوەندی و جڵەوداریی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە و هیچ لایان ناتوانێت سازش بۆ ئەوانی دی بکات. هەرلایەکیان ئەوە دەزانێت گەر دەست لە دەسەڵات بەربدات ئەوا چارەنووسی ئەزموونکراوی حزبی دەعوە وەک هێز و مالیکی و جەعفەری و عەبادیش وەک کەسایەتی دەبێتە بەشیان. بۆیە نایانەوێت ئەو یادەوەرییە تاڵانە بکەنە قەدەری خۆیان، کە پەراوێزکەوتن و جێهێشتنی شەقامی لێدەکەوێتەوە.

بە گشتیش لە ئێستادا بە پلەی یەکەم ئەم ململانێی شیعی-شیعیانەیە کێشەسازی پێکهێنانی حکومەتن وململانێی ماڵی پەرتەوازی سوننی و پاشان نێوماڵی کورد کێشەی دووەم وسێیەمی بەردەم پرۆسەکەن.

**- ئاستە دەرەکییەکانی ململانێکان**

کۆسپێکی دیکەی هەمیشەیی بەردەم پرۆسەی سیاسیی و بەتایبەت لە ئانی پێکهێنانی حکومەتەکان، ململانێی نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتییە، بەتایبەت ململانێی هەمیشەیی ئێران-ئەمریکایە، کە عێراقی ڕووبەڕووی پێکادانی بەرژەوەندی ئەم لایەنانە کردۆتەوە، لە چەند مانگی ڕابردوودا بە ڕوودانی کێشەگەلێکی وەک: بۆردومانی بنکە سەربازییەکان و گرتیبەردانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق، کوشتنی قاسمی سولەیمانی، بۆردوومانی هێزە پرۆئێرانییەکانی عێراق، جوڵە سیاسییەکانی هەردوو وڵات نیشاندەری ئەوەن کە:

- هەرچی ئەمریکایە نایەوێت بەو ئاسانییە (پاش ئەو تێچوونە سەربازی، مادیی و سیاسییەی لە عێراقی پاش ٢٠٠٣دا کردوویەتی) ئەم وڵاتە جێبهێڵێت، بەڵکو سەختر لە جاران دەیەوێت لە ڕێی تاقیکردنەوەی سەرجەم کارتە سەربازیی، ئابووریی وسیاسییەکانییەوە جێگە بە دژبەرەکانی چۆڵ بکات و ڕوداوەکانی ئەم دواییەش ئەم ئەگەرەی کردە واقیع.

ب. هەرچی ئێرانیشە، سەرەڕای ئەوەی عێراق پێگەی ستراتیژی و بەشێکی تەواوکاری هیلالی شیعی وبەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکیەکانیەتی، لە ئێستادا کە دۆخی ئابووریی وسیاسیی نالەبارە، شادەماری ئابووریی و ترانزێتی پێچپێلێدانی گەمارۆکانییەتی، بۆیە تارانیش نایەوێت بەو ئاسانییە تەسلیمی ویستی واشنتۆن بێت.

بەهەرحاڵ، ململانێکانی پێکهێنانی حکومەت، کە زۆربەی کات لەسەر ئاستی ناوخۆیی ودەرەکی لە هەڵکشان و هێبوربونەوەیاندا هاوتەریب و هاوکرۆکن، لەئیستادا بە ناچارکردنی (زوروفی) بە کشانەوە لە ئەرکی پێکهێنانی حکومەت لە ٢٠٢٠/٤/٩ و ڕاسپاردنی (مصطفی کاظمی) بە گرتنەئەستۆی ئەو ئەرکە، بە جۆرێک لەهێوربونەوە و سازانی ڕوکەشی گەیشتووە، بەڵام هەرگیز ئەمە واتای ئەوەی نییە کە جارێکی‌تر ململانێکان بەرەو هەڵکشان و سەختبوون ناچنەوە. خۆ ئەگەر ئەم سازانە

ڕووکەشیەی ئێستا تا دوای پێکهێنانی حکومەتێکیش درێژەبکێشێت، ئەوا هەر حکومەتێکی لاواز بەرهەمدێت (وەک ئەوەی لە کابینەی عەبدولەمهدی-دا بینرا) کە بنەمای کارکردنی بریتی بوو لە خۆبەماسککردن بۆ دەسەڵات وهەژموونی هێزگەلێکی شاراوە کە بڕیاربەدەستی یەکەم وژێربەژێربوون بەبێ ئەوەی بەئاشکرا خۆیان بەخاوەنی حکومەت بکەن وبەرپرسیارێتی شکستەکانی هەڵگرن.

**- سیناریۆکانی پێکهێنانەوەی حکومەت:**

گەڕی ئەم جارەی پرۆسەی پێکهێنانەوەی حکومەت دەکرێت لەبەردەم دوو سیناریۆدا بێت:

سیناریۆی یەکەم: وای پێشبینی دەکات 'کاظمی' لە ئەرکی پێکهێنانی حکومەتدا سەرکەوتوبێت و بتوانێت بەئاسانی هەم ئەندامانی کابینەکەی بەربژێر بکات و هەم دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش مسۆگەر بکات، ئەمەش بەرمەبنای ئەو پشتیوانییە ناوخۆیی (کوردی- سونی- شیعی) و نیمچەهاوڕاییە دەرەکییە (ئێرانی- ئەمریکی)یەی کە لەئانی ڕاسپاردنیدا هەیبوو، ئەمە وێڕای کەمبونەوەی فشاری خۆپیشاندەران لەسەری کە بەهۆی ڕێکارەکانی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆناوە تاڕادەیەک وەستاوە.

سیناریۆی دووەم: وا پیشبینی دەکات چانسی 'کاظمی' لە چانسی 'عەلاوی' و'زوروفی' باشتر نەبێت و سەرلەنوێی ململانێکان ببنەوە کۆسپی ڕێگەی، کە ڕەنگە لەئاکامدا بەهۆی قایلنەکردنی لایەنێک یان زیاتر لە هێزە ناوخۆییەکان لە شیعە یان کورد و سوننە یان هێزە دەرەکییەکان، لەهەرکاتێکدا لەماوەی ئەو (٣٠) ڕۆژەی کە هەیەتی بۆ پێکەوەنانی کابینەکەی ناچاربکرێت بە کشانەوە، یان لە دواساتدا ئەنجومەنی نوێنەران بۆ متمانە پێدانی ئامادەی کۆبوونەوە نەبێت، یان هەر متمانەی پێنەدات، بەمەش 'کاظمی' لە ئەرکی پێکهێنانی حکومەتدا شکست بهێنێت.

لەئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆییەی دووەمیشدا، بەهۆی کۆتاییهاتنی بژادەکانی بەردەم سەرۆک کۆمار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەپێی مادەی (٧٦)ی دەستور، ڕەنگە لە مەترسی نەڕۆیشتنی ئاڕاستەی پرۆسەکە بەرەو گرتنەبەری ڕێکارەکانی مادەی (٦٤)ی دەستور کە شیاوە بۆ دەربازکردنی دۆخەکە بە هەڵوەشاندەوەی ئەنجومەنی نوێنەران وپەنابردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت، بەتایبەت ئەگەر خۆپیشاندانەکان دەستپێبکەنەوە، یان بۆ ڕێگرتن لە بەرکاربوونی مادەی (٨١) دەستور کە تایبەتە بە دانانی پۆستی سەرۆکوەزیران بە (خلو - چۆڵ) و جێگرتنەوەی لەلایەن سەرکۆمارەوە تا لەماوەی (١٥) ڕۆژدا کەسێکیتر بۆ پێکهێنانی حکومەتێک بەپێی مادەی (٧٦) ڕابسپێرێت، بۆ ڕێگرتن لەم دوو پێشهاتە دەستورییە مەترسیدارە لەسەر پێگەی شیعە و هێزەکانی، ڕەنگە "هێشتنەوەی عەبدولمهدی" تاکە دەرچەی بەردەم ئەو هێزانە بێت بۆ پاراستن و درێژەدان بە بەرژەوەندییە هەنوکەییەکانیان، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیشبێت، بەڵام ئەوەی لە ئەنجامی هەموو ئەم ئەگەر و پێشهاتانە پێشبینیکراوە دوور و نزیکانەدا مەترسی ڕوودانی هەیە قڵپبوونەوەی دۆخەکەیە بەرە و ئاشوب و پێکدادانی چەکداری، لەئاکامی زیاتر گەشەسەندنی ململانێکان و دەرەقەتنەهاتنی ئامرازە دەستورییەکان بۆ کۆنترڵکردنی دۆخەکە.

## تەوەری دووەم: سیستەمی ناناوەندێتی؛ گرفتەکانی و ئاسۆکانی بەرێوەبردن لە هەرێمی کوردستان:

بیرۆکەی ناناوەندێتی (اللامركزية-Decentralization) لە سادەترین واتایدا بریتییە لە (گواستنەوەی پرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ یەکە کارگێریی و سیاسی و جوگرافییەکانی خوارەوەی وڵات)، ئەمەش دەشێت بە دەستور ڕێکبخرێت، بەتایبەت ئەگەر لە شێوازی ناناوەندێتیی سیاسی بوو کە ناسراوە بە "فیدراڵی"، لەم کاتەشدا یەکەکان دەسەڵاتی بڕیاردانیان لەسەر ئاستی "یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری' دەبێت. هەروەک دەشێت بە یاسای ئاسایی ڕێکبخرێت ئەمەش زیاتر بۆ شێوازی ناناوەندێتی کارگێری کە بە کارگێریی خۆجێیەتی (الإدارة المحلية) ناسراوە بەرکاردەبێت، لەم کاتەشدا زۆربەی کات یەکەکان دەسەڵاتی بڕیاردانیان تەنها لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتیەکاندا دەبێت، بۆیە بەپێی بنەما یاسایی و دەستورییە باوەکان ئەم بیرۆکەیە لەسەر چەند پایەیەکی سەرەکی ڕاگیراوە:

١- دابەشکردنی وڵات بۆ چەند یەکەیەکی جوگرافی(هەرێم، ناوچەی ئۆتۆنۆم و پارێزگا...) کە هەریەکەیەک کەسایەتییەکی یاسایی خۆی هەبێت.

٢- هەریەکەیەک بەپێی دەستور یان یاسای ئاسایی دەسەڵاتی بڕیاردانی سەربەخۆی لەسەر خۆبەڕێوەبردن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی پێ دەدرێت.

٣- دانیشتوانی هەر یەکەیەک لەڕێی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە بڕیاردەر وکاربەدەستانی خۆیان دابنێن.

٤- بوونی سەربەخۆیی دارایی کە لە سایەیەدا هەر یەکەیەک توانای هەبێت بە سەرچاوەکانی داهاتی خۆی هەموو یان زۆربەی خەرجییەکانی خۆی دابین بکات.

دامەزراندنی سیستمی ناناوەندێتی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر بە پێی ئەزمونی مێژوویی و کولتوری سیاسی و کارگێری جیاوازی تێدایە، هیچ کاتێك مۆدێلێك نیە کە دەقاودەق بتوانێت لە وڵاتێکیتر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، تایبەتمەندی وڵات شوێنپەنجەی سەرەکی لە دروستبوونی سیستمەکە دەبینێت. ئەم ڕاستینەیە بۆ کوردستانیش دروستە.

کوردستان و هەرێمەکەی زادەی ئەزمونی مێژوویی، کولتووری سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر بۆیە دانانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی باش و چالاك، بە ناناوەندێتییەوە، پێویستی بە تێگەیشتنی شێواز و بەربەستە مێژویی و کولتوورییەکانە کە زۆرجار بە هۆکاری جیاوازەوە پشتگوێ دەخرێت.

**- کولتووری بەڕێوەبردن و ناناوەندێتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا**

هەرچەندە لە روی مێژووییەوە کوردستان چانسی سەربەخۆیی سیاسی-ئیداری نەبووە، بەڵام بۆ هەزاران ساڵ و تا ڕوخانی دوامیرنشین (بابان) لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ١٨٥١، کۆمەڵگەکە بە شێوەیەکی ناناوەندێتی بەڕێوە دەچوو. واقعی جوگرافی، کۆمەڵایەتی و ئابوری بەردەوام پاڵپشتی کولتووری نیمچە سەربەخۆیی و ناناوەندێتی بووە. لە کاتێکدا دەوڵەتی مۆدێرن لە ئەوروپا چینی ناوەڕاستی سیاسی و رۆشنبیری ئابووریی رۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە، لە کوردستاندا واقعی سیاسی،

ئابووری و کۆمەڵایەتی میرنشینەکان توانای دروستکردنی گوتاری نەتەوەیی سەرتاسەریی لەسەرجەم ئاستەکان، بەکارگێڕیشەوە، نەبووە، سەرەنجام تا ناوەڕستی سەدەی نۆزدەهەم زۆربەی هەرێمی کوردستان لە روی کارگێڕییەوە بە شێوەیەکی ناناوەندێتی بەرێوە دەبرا، ئەم کولتوورەش بۆ واقعی کۆمەڵگەی کوردستان گونجاوتر بوو.

لەماوەی نێوان روخانی دوا میرنشینی نیمچەسەربەخۆی کوردستان ١٨٥١ و دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢ دوو ئەزمونی خۆبەڕێوەبردن (١٩١٩ لە سلێمانی، ١٩٤٦ لە مهاباد) دروست بوو، هەردوو ئەزمونەکە ناوچەیی(لۆکەڵی) بوون، جگە لە هۆکاری‌تر، هۆکاری ناوخۆیی بەهێزیش بۆ پەلنەهاوشتنیان بۆ دەرەوەی ناوچەکانیان هەبوو.

دامەزراندنی حکومەتی هەرێم (ساڵی ١٩٩٢) بە قۆناغێکی گرنگی یەکگرتنەوەی گوتاری سیاسی بینرا، بەڵام راستیەك هەیە کە هەردوو پارتە سەرەکییەکەی هەرێم لە ئانی شۆڕشی دژ بە بەعسیشەوە ناوچەکانیان دابەش کردبوو، ئەم دابەشبوونەش رەگێکی قوڵی کولتووری و جوگرافی هەبووە و تەنها ڕەنگدانەوەی ئیرادەی پارتەکان نەبووە، بەڵکو دەکرێت وەك دوو ڕەوتی مێژوویی جیاوازی هەمەلایەن دەستنیشان بکرێت. پاش هەڵبژاردنی ١٩٩٢ هەردوو پارتی سیاسیی باڵادەست (یەکێتی و پارتی) بێ ڕەچاوکردنی واقعی جوگرافی و کولتووری هەرێم هەوڵی دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتووی تەوافقی لەسەر بنەمای ناوەندێتی دا، سەرباری سەرکەوتنە بەراییەکان، بەهۆی لاوازی کولتووری هاوبەشی حوکمڕانی و دەستێوەردانی دەرەکی و بەهێزی مەیلی خۆجێیی بەرێوەبردن ئەم ئەزمونە سەکەوتوو نەبوو تەنها دوو ساڵ بڕی کرد، سەرەنجام شەڕی ناوخۆ و جیاکردنەوەی جوگرافی و ئیدارەی جیاواز تا ٢٠٠٥ی لێکەوتەوە.

پاش یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێم، لە یەك حکومەتدا(٢٠٠٥) نەتوانرا شێوەی بەرێوەبردنی هەرێم بە تەواوی یەکبخرێتەوە، وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە بۆ ماوەیەك بە جیاوازی مانەوە، هەروەها ئیدارەی کۆن (زەرد و سەوز) بە دیفاکتۆ لە زۆربەی بوارەکاندا مایەوە، مەیلی دەسەڵاتی لۆکاڵی لە رێی ناناوەندێتی بەسەر دەسەڵاتی یەکگرتووی ناوەندێتی لە هەولێری پایتەخت، بەتایبەت لە زۆنی سەوز، بەهێزتر بوو، بەم هۆیەوە چەندین یاسا و پڕۆژە یاسا بۆ ناناوەندێتی و دورکەوتنەوە لە هەژمون و دەسەڵاتی ناوەند(هەولێر) گەڵاڵە کرا، هەروەها لە ڕوی سیاسییەوە بوو بە دروشم و داینەمۆی چەندین پارتی سیاسی. سەرەنجام پاش ١٥ ساڵ لە یەکگرتنەوەی ئیداری نە حکومەتی هەولێر(پایتەخت) توانی ببێتە خاوەن دەسەڵاتی تەواو لە سەرتاسەری هەرێم، نە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش توانیان دەسەڵاتی ناناوەندێتی لە ناوچەکانیان بە تەواوی بچەسپێنن.

**- شێوازەکانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی لە هەرێمی کوردستان:**

بە گشتی لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە سێ شێواز ئەزموونی لەگەڵ جێبەجێکردنی سیستەمی ناناوەندی هەیە:

١- ناناوەندێتی کارگێڕی: کە شێوازێکی فەرمییە و بەپێی یاسای تایبەتمەند هەرێم دابەشکراوە بۆ

چەند یەکەیەکی جوگرافی بچوکتر وەک (پارێزگا، قەزا، ناحیە...).

٢- ناناوندێتی ناوچەیی: کە شێوازێکی نا فەرمییە و بە حوکمی جیاوازی کولتوور و مێژوی سیاسی تاڕادەیەک وەك ئەمری واقیع دروستبوە و لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆشدا (١٩٩٤-١٩٩٨) بە "دوو ئیدارەیی" ناسراوە، کە لەسایەیدا هەرێم وەک دوو قەڵەمڕەوی حوکمڕانی جیاواز بەناوی "زۆنی زەرد" و "زۆنی سەوز" دەردەکەوێت.

٣- ناناوەندێتی خوار ناوچەیی: کە شێوازێکە لەنێوان فەرمی و نافەرمییدا، لە سنوری زۆنی سەوزدا وەک دوو یەکەی بچوکتر لە پارێزگای سلێمانی بە (ئیدارەی گەرمیان) و (ئیدارەی ڕاپەڕین) ناسراون، سەرباری دەرکردنی بڕیار بۆ قەزای سۆران و داواکردنی بۆ قەزای زاخۆ لە زۆنی زەرد جێبەجێ نەکراوە.

**- گرفتەکانی سیستمی ناناوەندێتی لە هەرێمی کوردستان:**

هەرچەندە، وەک دەبینرێت شێوازەکانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی لە هەرێمی کوردستاندا فرەئاستە، بەڵام یەخەگیری گرفتی گەورەن، ڕەنگە گەورەترین گرفتیش بریتی بێت لە نەبوونی سەربەخۆیی دارایی، کە تیایدا وەک چۆن هەرێمی کوردستان بێ پشتیوانی دارایی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد ناتوانێت زۆربەی خەرجییەکانی دابین بکات، هەروەها یەکە جوگرافییە کارگێڕییەکانی هەرێمیش بەبێ پشتیوانی دارایی دەسەڵاتی ناوەندی لە هەولێر ناتوانن زۆربەی پێداویستییەکانی خۆیان دابینبکەن. گرفتێکیتر پشتگوێخستنی ئامراز و پرۆسەی هەڵبژاردنە لە دانانی ئەنجومەن وکاربەدەستانی یەکە ناناوەندییەکاندا، کە جگە لە (پارێزگاکان)، لە ئاستی هیچ یەکەیەکی خوارووتردا (قەزا، ناحیە...) هیچ کاربەدەستیک بە هەڵبژاردنی ڕاستەخۆی هاوڵاتیان دانەنراوە. کێشەیەکیتر پەیوەستە بە نوێنەرایەتی پارێزگاکان لە پایتەختدا یان ئەوەی لە یاسای دەستوریدا بە دۆخی دەستوری و سیاسیی پایتەخت ناودەبرێت، هێشتا هەولێر وەک پایتەخت لە زەینی بەشێك لە هاوڵاتیان و پارتەکاندا وەك ڕکابەری سلێمانی سەیر دەکرێت و بەپایتەختێکی نەتەوەیی-نیشتمانی (کە کراوە بێت بۆ سەرجەم لایەنەکان) سەیرناکرێت، یەکە ناناوەندییەکانی وەك پارێزگاکان دەسەڵاتەکی ئەوتۆیان لە پایتەختدا نیە.

**- چاکسازی لە سیستمی بەڕێوەبردن و ناناوەندێتیی هەرێمی کوردستاندا:**

قسەکردن لە ئایندەی سیستمی ناناوەندێتی لە هەرێمی کوردستان قسەکردنە لە ئایندەی خودی سیستمی سیاسی کە لێرە دەکرێت بە چەند سیناریۆیەك وێنای بکەین:

**سیناریۆی یەکەم:** بۆ ئایندەی نزیکی ئەم سیستەمە لە هەرێمدا ئەوەبێت کە وەک خۆی و بەکۆی گرفتەکانی ئێستایەوە بێ هیچ چاکسازییەک بمێنێتەوە، ئەم سیناریۆیە جگە لەوەی کێشەکان بەکراوەی دەهێڵێتەوە، چانسی دروستکردنی سیستمێکی پتەوی حکومڕانیش کە ڕەزامەندی هاوڵاتیانی سەرجەم ناوچەکان بێت کەمتر دەکاتەوەو مەیلی ئینتمای نیشتمانی بەرامبەر ناوچەگەرێتی لاواز دەکات.

**سیناریۆی دووەم:** لە ئایندەدا و لە سایەی نەبوونی چاکسازی و دابەشنەکردن و شۆڕنەکردنەوەی دەسەڵاتەکان و قوڵبوونەوەی زیاتری گرفتەکانییەتی بەشێوەیەک کە ڕەنگە لەهەندێک شێوازیدا بەتایبەت لە ئاستی دیاردەی "دووئیدارەیی" و دەسەڵاتەکانی پارێزگاکاندا سیستمی حوکمڕانیی هەرێم بەرەو ناجێگیری ئیداریی و سیاسی تەنانەت لێکترازانی سیاسی و کارگێڕی هەنگاو بنێت.

**سیناریۆی سێیەم:** ئەم سیناریۆیە زیاتر لەسەر ئەو گریمانەیە کار دەکات کە دەکرێت ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت بۆ بەهێزکردن وچالاککردن و گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا بە ناناوەندیکردنی سیاسی و بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان و هێشتنەوە و بەهێزکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە مۆرك و ڕەهەندی سیادی نەتەوەیی-نیشتمانیان هەیە.

ئەم تێزەی لەم سیناریۆیە هاتوە کار لەسەر داڕشتنەوەی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای فیدراڵی بە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بۆ چەندین ئاستی جیاواز(نیشتمانی، ئۆتۆنۆم، پارێزگاکان و قەزاکان) نێوان پایتەخت و پارێزگاکان و دروستکردنی چەندین ناوچەی ئۆتۆنۆمی (پایتەخت، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە یەک، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە دوو، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارە سێ و چواریش لە ئایندەش بۆ ناوچە جێناکۆکەکان تەرخان بکرێت)، هەروەها پایتەخت بۆ دەسەڵاتە گشگیرییە نیشتمانییەکان تەرخان بکرێت و پەرلەمان و حکومەتی تایبەت بە دەسەڵاتە حەسرییەکان (پەیوەندی دەرەکی و بەغدا، ئاسایش)ی تێدا جێگیر ببێت. ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانیتر خاوەن دەسەڵاتی خۆجێیی خۆیان بن و پەرلەمان و حکومەتی خۆجێی تایبەت بەخۆیان هەبێت، ئەم ناوچانەش لەسەر بنەمای ناناوەندێتی لە چەندین پارێزگا پێکبهێندرێت. هەروەها لە ئایندەدا پاش گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دۆخێکی تایبەت یان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی جیاوازیان لێ دروستبکرێت و ببێت بە بەشێك لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم شێوازە لە ناناوەندێتی سیاسی دەکرێت کار لەسەر ئەم پێشنیارانە بکرێن:

١.بەهێزکردنی پایەکانی ناناوەندێتی لەکۆی شێوازەکانیدا، وەک پابەندبوون بە هەڵبژاردنی دەوری بۆ ئەنجومەنەکان و کاربەدەستان لەسەر ئاستی سەرجەم یەکە نیشتمانی(هەرێم و ناوچەی ئۆتۆنۆمی) خۆجێییەکان (پارێزگاکان، قەزاکان و ناحیەکان)، دەستواڵاکردنی یەکە ناوچەییەکان بۆ دابینکردنی داهات وخەرجییەکانی خۆیان.

٢.بەیاساییکردنی ئەو شێوازانەی ناناوەندێتی کە تا ئیستا بە عورفی و وەك پاشماوەکانی پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە کاریان پێدەکرێت، بۆ نموونە دیاردەی "دوو ئیدارەیی" لەجیاتی ئەوەی وەک دەرئەنجامەکانی دەسەڵاتی نیمچە حزبی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەک دوو زۆنی کارگێڕی (ناوچەی ئۆتۆنۆمی)، کە گوزارشت لە جیاوازییە سیاسی و ئابووریی و کولتوورییە مێژووییە دوور و نزیکەکانی نێوانیان بکات، بەشێوەیەکی یاسایی ڕیکبخرێن و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیشیان بە ئەنجومەنی هەڵبژێردراو لەلایەن هاوڵاتیانی هەرلایەکیان بسپێردرێت و سەرچاوەی دارایی و داهاتەکانیشیان لەژێر ڕکێفی ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوانەدا بێت.

٣.ژمارە و سیستمی ئێستای بەڕێوەبردنی پارێزگاکان کۆنە، هی نزیکەی سەدەیەکی سیستمی

ناوەندگەرای عێراقە، بۆیە گەر بمانەوێت سیستمێکی ناناوەندێتی چالاك دروست بکەین دەکرێت جگە لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیان ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان(پارێزگا، قەزا، ناحیە) زیاد بکرێت، ئەم چارەسەرە بۆ جوگرافیای شاخاوی کوردستان و زەحمەتی رێگاوبانەکان زۆر کردەییە. بۆ نمونە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین بکرێن بە پارێزگا لە سلێمانی، لە هەولێر قەزای سۆران و لە دهۆك قەزای ئاکرێ  یان زاخۆ بکرێن بە پارێزگا و بلکێندرێنەوە بە ناوچە ئۆتۆنۆمییەکانیانەوە.

٤.بۆ بەهێزکردنی ئاستی دەسەڵاتی نیشتمانی یەکگرتوو سەبارەت بە بەرژەوەندییە باڵا نیشتمانیەکان و توندکردنی هەستی ئینتما بۆ دەسەڵات و ناسنامەی نیشتمانی گرنگە دەسەڵات و سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشیی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانی لە پایتەخت کۆبکرێتەوە، قۆرخکردنی ناوەندێتی بۆ سیاسەتی دەرەوە و ئەمنی دەرەکی و ڕاسپاردنی ئەم سیاسەتانە بە دامەزراوەی نیشتمانی ئاستی ئینتمای نیشتمانی هاوڵاتیان بەرزدەکاتەوە، هەروەها گرنگە دەسەڵاتی ناوەندێتی لە پایتەختدا یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ بێت و تەنها بۆ دەسەڵاتە نیشتمانییە دیاریکراوەکان تەرخان بکرێت خودی پایتەخت زیاتر روخسار و مۆرکێکی نیشتمانی گشتگیری هەبێ و پێشمەرگە و دەزگا ئاسایشیەکان  لە ڕوی سیاسەت و دامەزراوەوە یەکبخرێنەوە.

٥.لە مۆدێلی جێبەجێکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ هەرێم و یەکە ناناوەندییەکاندا، مەرج نیە سەرجەم یەکەکان بەهەمان ئاست و بوار مومارەسەی دەسەڵات بکەن، بەڵکو بەپێی یاسایەکی باڵا یان دەستورێك ناوچە ئەتۆنۆمەکان و پارێزگاکان مۆدێلی دەسەڵاتی ناهاوسەنگ، واتە جیاوازی نێوان ناوچەی ئۆتۆنۆم و سەرجەم یەکەکان لە ئاست و بواری دەسەڵات بەپێی داواکاری یەکەکان پەیڕەو بکرێت، بۆ نمونە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم یان یەکەیەکی کارگێری خوازیاری دەسەڵاتی ئابوریی و داراییە کە ڕەنگە ئەوانی تە خوازیاری نەبن و زیاتر مەیلی دەسەڵاتی کارگێڕی و پەروەردە و تەندروستی هتد.. بن. لە دەستور یان یاسا باڵاکەدا ناوچە ئۆتۆنۆمەکان و یەکە کارگێڕییەکان جیاوازییان دەبێت لە بوارەکانی مومارەسەی دەسەڵاتدا(سیاسی، ئابوری، کارگێڕی، پەروەردە و تەندروستی)، لە زۆر وڵاتی جیهاندا ئەم دەسەڵاتە ناهاوسەنگە هەیە و پەیڕەو دەکرێت، بۆ نمونە لە ئیسپانیا لە کۆی سەرجەم ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی کە وڵاتەکە پێکدێنن دوو ناوچە (کەتەلۆنا و باسك) دەسەڵاتی فراوانتر و جیاوازیان هەیە. هەروەها لە ئیتاڵیا لە کۆی هەرێمەکانی ئەو وڵاتە تەنها پێنج هەرێم( سقڵیا، سردینیا، تیرینتۆ ئیدجی، ڤالی دا ئۆستا، فریولی ڤینیسیا) بەپێی مادەی١١٦ دەستوری وڵات دەسەڵاتی فراوانتریان هەیە، بۆیە دەکرێت ئەم مۆدێلانە  لە کوردستانیش جێبەجێ بکرێت.

باڵادەستبوونی کولتوور و سیاسەتی ناوەندێتی و نەبوونی ئەزمون و شارەزایی و دامەزراوەیی بەهێز بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی یەکە ناناوەندییەکان ئاڵەنگاری گەورەی بەردەم هەر پرۆژەیەکی راستەقینەی ناناوەندێتین لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لەلایەکیترەوە شکستهێنانی ئێستا لە دارشتنی نمونەیەکی نوێی ناناوەندێتی چالاك و پەسەندکراو مەترسییەکانی جەمسەرگیری ناوچەیی و لێکترازان بەهێز و فراوانتر دەکات، سەرەنجام پرۆسەی گەشەسەندن و جێگیربوون و بەیەکەوەمانەوەی هەرێمەکە دەخاتە بەردەم چەندین ئەگەری مەترسیدار و نادیار.

## تەوەری سێیەم: چارەنوسی بەندکراوەکانی داعش و مەترسییەکانی لە ئایندەدا

لەدوای ئەوەی شەڕی پێچەوانە لەگەڵ داعش لە عێراق و سوریا دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا ( داعش) لە کۆتایی 2015 دەستی پێکردەوە، ژمارەی ئەوانەی کە چەکداربوون و لەشەڕەکاندا دەسگیردەکران و ئەوانەش کە لە ڕێگەی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکانیان بە داعش و دانپیانانی بەوەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە زیاتر بوو، تا ئەوەی لەساڵی 2019دا دوا پێگەی داعش لە باغۆزی سوریا لە دەستی داعش وەرگیرایەوە، زۆرترین ژمارەی چەکدارییان لە رەققەو باغۆزی سوریا دەسگیرکران، لە عێراقیش لە دوا شەڕیان لە ناوچەی حەوزەی حەویجەی پارێزگای کەرکوك دەیانیان لێ دەسگیرگرا. بەمەش کۆتایی بە دەوڵەتی خەلافەتی داعش لە ڕوی واقیعی جەنگ و پانتایی دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سوریا هات.

**- ژمارەی بەندکراوان و نەخشەی دابەشبوونیان**

هەرچەندە ئەو ژمارانەی لەبارەی بەندکراوەکانی داعشەوە دەوترێن هیچیان ژمارەی سەلمێنراو و ورد نین، چونکە لەبەر هەستیاری بابەتەکە سەلماندنییان ئاسان نییە، هەروەها نەبوونی زانیاری تەواو لەسەریان لەلایەن دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری مافی مرۆڤ. لەلایەکی‌ترەوە بەنکراوەکان لە زیاتر لە دەوڵەتێکەوە هاتوون و زیاتر لە ڕەگەزنامەیەکیان هەیە، هۆکارێکی‌تر ئەوەیە، خەڵکانی زۆر مەترسیداریان تیایە، کە دور نییە لە ئایندەدا وەکو کارتی سیاسی بەکاربهێنرێن، بەڵام بە نزیکەیی و بە پێی بەداداچوونەکانی توێژەرانی ئەم ڕانانە بەمشێوەیە:

یەکەم: لە عێراق؛ ژمارەی بەندکراوەکان نزیکەی 19000کەسە بەسەر ١٥ گرتوخانەی فیدراڵیدا دابەشکراون، کە 3000 لەم ژمارەیە لە ڕێگەی دادگاییکردنەوەوە فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو و لە سێدارە دراون.

دووەم: سوریا؛ کە زیاتر مەبەست لەو بەندکراوانەیە لە گرتووخانەکانی رۆژئاوادان و کە لەلایەن کانتۆنەکانی ڕۆژئاواوە دەسگیرکراون و لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکراتدان، ژمارەی گیراوەکان نزیکەی 12000کەس دەبێت و بەسەر هەشت گرتوخانەی سەرەکیدا دابەشکراون، ئەمە جگە لەو بەندکراوانەی کە لە گرتوخانەکانی رژێمی سوریادان و ژمارەکانیان ڕانەگەیەنراوە.

سێیەم: تورکیا؛ بە پێی راگەیەنراوە فەرمییەکانی تورکیا ژمارەی ئەوبەندکراوانەی کە لە گرتوخانەکانی تورکیان، 700 کەسە.

چوارەم : ئوردن؛ نزیکەی 300کەسی داعشیان بەندکردوە.

کۆی ئەم بەندکراوانە ژمارەیەکی ترسناکن و ئاماژەی هەڕەشەیەکیش لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەردەخەن، بۆیە لە ڕووی ئاسایشەوە وەکو بۆمبێکی تەوقیتکراو باس دەکرێن، بە گشتی ئەم دەسگیرکراوانە هەڵگری رەگەزنامەی 54 دەوڵەتی جیاوازن، ئەمە جگە لەو خێوەتگایانەی کە خێزان و مناڵی ئەم بەندکراوانەی لە خۆگرتووە و ژمارەیان لە 100000 کەس زیاترە. ژمارەیەکی زۆر

لەمانە مناڵن و لە ئێستادا وەکو پێویست بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵایەتیان بۆ فەراهەم نەکراوە.

**- بەندکراوانی داعش؛ لەنێوان یاسا وململانێی سیاسییەکاندا**

بەوپێیەی ژمارە زۆرەکەی بەندکراوان لە رۆژئاوایە و بەشێك لەم بەندکراوانە (کە ژمارەیان 3000کەس دەبێت) خاوەنی رەگەزنامەی ئەوروپین، دوای ئەوەی ترەمپ لە راگەیەنراوێکدا داوای ئەوەی کرد، پێویستە ئەم بەندکراوانە بۆ وڵاتەکانیان بگەڕێنرێنەوە، نیگەرانییەکی گەورە لای ئەوروپیەکان بەتایبەت لای فەرەنسا دروستکرد، چونکە ئەم وڵاتانە لەبەر چەندین هۆکاری سیاسی و یاسایی ئامادەنین نە بەندکراوەکان و نەمنداڵ و ژنەکانیان وەربگرنەوە، چونکە پێیان وایە ئەم بابەتە بەر ئەوەی بابەتێکی مرۆیی بێت، بابەتێکی سەربازی و ئاسایشییە، ترسی گەورەیان ئەوەیە ئەم دۆسێیە وەکو فشارێکی سیاسی دژ بە ئەوروپا و بەرژەوەندییەکانیان بەکاربهێنرێت، بەتایبەت لەلایەن ولاتێکی وەک تورکیاوە. هێزەکانی سوریای دیموکراتیش کەوتونەتە بەردەم بارگرانییەکی گەورەی مرۆیی، چونکە دابینکردنی ئاسایشی بەندینخانەکان پێویستی بە زیاتر لە 8000 پاسەوانە، ئەمە جگە لە تێچووی دارایی، تەندروستی و خزمەتگوزاریی بەندینخانە و کەمپەکان، هەروەها لایەنێکی‌تری دۆسێکە یاسایی و پرسی دادگاییکردنیانە، چونکە ئیدارەی کانتۆنەکان سزای لە سێدارەدانیان هەڵوەشاندۆتەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئێستا ژمارەیەك ژن و منالی جێماوی داعشەکانیان وەرگرتۆتەوە، تەنها چوار وڵاتن(ئوستراڵیا، روسیا، سودان و عێراق).

مەترسی و سیناریۆکانی ئاییندە و پێگەی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشەکەدا

بابەتێکی هەستیار و هەڵواسراو، کە هەمو رۆژێك مەترسیدارتر دەبێت، چونکە رێژەی لە 60% ی ئەو کەسانەی لە کامپەکانن منالن یەکێک لە گریمانەی پاش گەورەبوونیان، ئەوەیە سوپایەکی گەورەیان لێ دروست ببێت بەپێیەی ئەم نەوانەی داعش بە هزری توندوتیژی بارگاوین، لەلایەکی تر دۆخی سیاسی رۆژئاوا رۆژانە لەبەر ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان نا جێگرە و ئەرکە دارایی و خزمەتگوزارییەکانیش هێندە زۆرن، سەختە ئیدارەی ڕۆژئاوا، بۆ دوورمەودا بەرگەی بگرێت.

جیا لەوەش تا ئێستا سێ مەترسیی کردەییان دروستکردووە بە هۆیەوە زیاتر لە 750کەس لە ژن و منالەکانیان هەڵهاتون، زیاتر لە 180 لە چەکدارەکانیش لە کاتی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوا لە زیندان هەڵهاتن. مەترسی دووەم لە کاتی کشانەوەی ئەمریکادا لە رۆژئاوادا هاتەئاراوە. مەترسی سێیەم ئەو مەترسییە کە بەهۆی پەتای کۆرۆناوەیە، کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ئەگەر کارەکانی هەڵپەسێرێت، یاخود هەڵبوەشێتەوە. مەترسی چوارەم ئەوەیە پەتای کۆرۆنا لەنێو زیندانەکان بڵاوبێتەوە.

هەرێمی کوردستان لە دووڕووەوە لە نێوەندی ئەم مەترسیەدایە، لەلایەك بە هۆی بوونی بەنکراوەکانی فیدراڵی لە هەرێم کە بەندکراوەکانی داعشی تێدایە، لەلایەکی‌ترەوە ناوچە جێناکۆکەکان کە ئێستا زۆرترین چالاکی داعش لەو ناوچانەیە و بە نزیکی زیاتر لە 2000 چەکدار مەزەندە دەکرێن.

**- سیناریۆکان**

یەکەم: دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە بەندکراوەکان و ناردنەوەیان بۆ وڵاتەکانیان،

نەك دادگایکردنیان بە تایبەتمەندی شوێنی(أختصاص المكاني)، کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەم سیناریۆیە ناڕازین.

دووەم: هێشتنەوەی ئەم بابەتە بەم شێوەیەی ئێستا و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی دارایی و تەندروستی، کردنەوی دەرگای ئاراستەکردنی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بۆ منداڵەکانیان و گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگە.

سێیەم: بەهێزبوونەوەی داعش له فۆرمێکی‌تردا و گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە، لەم ئەگەرەدا بە هۆی بوونی ئەزمونی پێشترەوە لەکاتی گرتنی موصڵ لە 2014دا، یەکەمجار پەلاماری زیندانی بادوش-یان دا، پاشان بەرەو موصڵ هێرشیان کرد و داگیریان کرد. چونکە لە ڕابردوو و ئێستادا، زیندانەکان باشترین قوتابخانەی فێرکاری و پەروەردەی داعش بوون، ئەزمونی ئەبوبەکر بەغدادی لە زیندانەوە نمونەیەکی زیندووە.

دەرئەنجام دەتوانین بڵێین ئەم مەترسیە لە ئێستادا لەسەر ئاسایشی جیهان بە گشتی و ناوچەکە بەتایبەتی عێراق و سوریا هەستیار و ترسناکە، بە تێگەیشتن لەوەش هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی زۆرترین بنکە سەربازییەکانیان لە ناوچەکەدا ناکۆکەکان کشاندۆتەوە، مەترسییەکە ترسناکتر دەردەکەوێت، وەک بینرا لەرۆژئاوای عێراق، بە تایبەتی ناوچەی قائیم (کە چاودێری هەردوو ناوچەی رۆژئاوای عێراق و ناوچەی ئەلبوکەمالی سوریای لێوە دەکرا لە لایەن هاوپەیەیمانانەوە چۆڵکراوە)، هەروەها هەردوو بنکەی کەی وەن لە کەرکوك و گەیارە لە موصڵ چۆڵکرا، بۆیە سیناریۆی سێیەم بەهێزترین سیناریۆیە و لەئەگەری ڕودانی ئەم سیناریۆیەش بەشێکی سەرەکی مەترسییەکە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات، ئەگەری بەهێزیش ئەوەیە، ناوچە جێناکۆکەکان کە زیاتر لە (2000) چەکداری داعشی لێبێت، پشکی گەورەی مەترسیەکە چاوەڕێیان دەکات.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

1. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
2. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
3. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
4. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
5. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
6. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
7. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
8. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
9. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
10. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

1. اجراء البحث العلمي و نشره.
2. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
3. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
4. اصدار مجلة علمية محكمة.
5. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
6. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
7. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

**Futuristic Readings No.3**

# Impossible conflicts in Iraq and the Kurdistan Region

## Shi’a and Formation of the Government, Decentralization, the Fate of ISIS Prisoners

الصراعات المستحيلة فى العراق واقليم كوردستان
الشيعة وتشكيل الحكومة، اللامركزية، مصير أسرى داعش

**April 2020**

www.centerfs.org